# له سێدارەدانی خەونی کوردستان

عومەر جەلال
Omargalal2004@yahoo.com

هەرگیزاو هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نەبووم دیکتاتۆر لە سێدارە درا بە ئەندازەی ئەوەی دیکاتۆری دیکە بەرهەم بێنێت ,یان بە مانایەکی دی لە پشت لە سێدارەدانی دیکتاتۆرەوە کۆمەڵێك دۆکیومێنت و زانیاری لە سێدارە درا ,جگە لەوەی کە بووە هۆی خاڵی بوونەوەی دۆسیەی ئەنفال و ناشیرن کردنی دادگا کە خاڵی لە دیکتاتۆر وەك و ئەوە وایە بێ ئامادەگی تاوانبار سزای تاوانەکەی بدەیت.

من دڵنیام زۆرینەی هاوڵاتیانی کوردستان و بەتایبەتی خەمخۆرەکانی دۆزی ئەنفال و قوربانییەکان تەواو نیگەران بوون بە لە سێدارەدانی دیکتاتۆر بەو شێوازە ترسناکە کە وێنەیەکی گەورەی بە دیکتاتۆر بەخشی وەك شەهیدێك بۆ سەرانی بەعس و عەرەبە شۆڤینیەکان,لەساتی لە سێدارەدانی دیکتاتۆردا و دیارنەمانی سەرۆکی هەنووکەی عێراق خۆی لە خۆیدا هێمایەك بوو بۆ ئەوەی سەرانی کورد دەیانەوێت خۆیان بە دوور بگرن لە پاراستن و دۆسیەی ئەنفال و سزای سەرانی بەعس,ئەمە لە کاتێکدا ڕووی دا کە کورد لە ناسکترین دۆخدا دەژی و دونیایەك گەندەڵی و کێشەی هاوڵاتیان ڕوو لە زۆربوون دەکەن,

ئەوەندەی ئاگاداری ڕاگەیاندنی عەرەبە شۆڤێنیەکانبم چەند نووسەرێکی عەرەب لە نووسینەکانیاندا ئاماژەی پێدەکەن کە (سەرانی کورد زۆر دڵسۆزی دیکاتۆر بوونە هاورێیەتیەکی لە مێژینە لە نێوانی سەرکردە کوردیەکان و دیکتاتۆردا هەبووە ,بە پێوانەی ئەو نووسەرانە دەست تێوەرنەدانی سەرانی کورد لە پرۆسەی لە سێدارەدانی دیکتاتۆردا دەگەرێینەوە بۆ هەستی گەورەی کوردانەی نێوان دیکتاتۆر و سەرانی کورد.لە کاتێدا ئەمرۆ ئەوەندەی کورد پێویستی بە ئیشکردنە لەسەر بە جینۆسایدکرنی ئەنفال وەك کارەساتێکی گەورە نیو هێندە پێویستی بەوە نییە کە دیکتاتۆر لە سێدارە بدرێت ,دەشێ لە کاتی دەستپێکردنی دادگای تاوانباران لەسەر دۆسیەی ئەنفال هێندە گرنگی نە مێنێت و ڕوو لەکاڵ بوونە بکات بێ ئامادەگی دیکتاتۆر و ئەمەش تەواو کاریگەریەکی نێگەتیفی دەبێت لە دادگاکەو دەبێتە هۆی پەلە کردن لە تەواو کردنی دۆسیەکە و ئەو زانیاریانەی کە کۆمەڵانی خەڵکی چاوەروانی دەکات بەرەو مردن بڕوات,ئەوەی دەبینرێت لە نێوان لەسێدارەدان و دادگادا تەواو پێچەوانەی یەکدی بوون ,هەروەك چۆن بەشێوازێکی باش دیکتاتۆر دادگای دەکرا بەو ئەندازەیە لەسێدارە نەدرا ,ئیدی نازانم نائامادەیی سەرانی کورد بوو یان خۆدەرخستنی شیعەکان بوو بۆ زیاتر قوڵبوونەوەی شەڕی نێوان خۆیان و سونە ,

هەر لەسەرەتاوە سازش کردنێك هەبوو یان بە مانایەکی دی کەمتەرخەمی تەواو دەبینرا لە ناساندی ئەنفال وەك جینۆساید ,ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو هێزە خۆسەپێنەی کە لەبەغدا خۆیان مەڵاس داوە,ڕوونتر بڵێین ئەوەی کورد بەنیازێتی لەئایندەدا هەنگاو بنێت بەرەو درووستکردنی هەرێمێکی فیدراڵ ئەوە بێگومان هێندەی ئاستەنگیەکانی نەتوانراوە بەرپەرچی بداتەوە,ناکرێت ئەوە لەیاد بکەین کە کورد لەسەرەتای درووست بوونیەوە بە هەموو قۆناغەکانی تەمەنی ئاسودەی نەبینیووە بەم شێوازەی هەنووکە کە باشترین و ناسکترین ساتە بۆ بەهێزکردنی پاراستنی هەستی نەتەوەی و بە جیهان ناساندنی ئەنفال وەك جینۆساید.